کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

کورتە وەڵامێك بۆ ئەوانەی ڕاستیان چەواشە دەکەن:-

دەمەوێت لێرەدا بەشێوەیەکی زانستی وەڵامێك بۆ ئەو یەکگرتوانە بنوسم کە دەمێکە ڕێگەی ڕاستی خواناسیان بزرکردوە، لەسەردەمە جیا بەجیاکاندا، بەدرێژای مێژوو یەکگرتوو هەر دژیەکی لێ ئاشکرابوەو، تا یەکیانی پەردە پۆش کردوە یەکێکی تری لێ قیت بۆ تەوە، بفەرموون ئێوە وئەم چەند خاڵە:-

١- ڕەنگە کۆنگرەی قاهیرە، کە ئەم جارە یەککگرتوو تیایدا بەشداری کرد شتێکی جاوەروان کراوبووبێت، لەناو دەسەڵات و خەڵکی ڕۆشنبیر، چونکە یەککگرتوو لەتەمەنی خەباتیدا هەر گەراوە بەدووای کون وکەلەبەرێك کە تیایدا خۆی عەرز کات وپیشانی یەکێتی وپارتی بدات کەوا ئێمەش هەین.

٢- دوو ڕوویەك لەو بەشداری کردنەی یەککگرتوودا بەدیار دەکەوت، ئەویش یەکگرتوو وایان بلاوکردەوە کە ئەوان نەیان زانیوە، ئەم کۆبوونەوەیە بۆ چی یە، لەسەر دەعوەتی وەڵاتی میسر چووین، بەڵام دەی خۆ باشیان دەزانی ئەم بەشداری ئەوان لەو کۆبوونەوەیە لەسەر داوای حزبی ئیسلامی ودەوڵەتی تورکیا بوە، چونکە ئەم کۆنگرەیە جاری یەکەم لەوڵاتی تورکیا بۆ کۆ مەلێك جیهەتی سوننەی توندرەو بەسترا، لەناویاندا حزبی ئیسلامی.

٣- یەکگرتوو دەڵێ ئێمە هەرزوو دەست بەرداری خۆمان لەو کۆ بونەوەیە دەربڕی بەڵام ئەمە وانەبوو چونکە لە دیمانەی سەلاحەدین محەمەد بەها ئەدین لەگەڵ سایتی یەککگرتوو، ئەوەدەرکەوت کە ئەو زۆر گەشبینانەدەیروانیە دانیشتنەکەی قاهیرەو، ئەم گۆنگرەیەی بە خاڵی وەچەرخان و خاڵی ڕزگار بوون وەسف دەکرد، دەیگووت ئەمە هەنگاوێکە بۆ دورخستنەوەی عێراق لە جەنگی تایەفی، کە چی لەبیری چۆبۆ وە کە ئەوان لەژێر پەردەی کۆمەڵێك موخابەراتی دەولی لەناویاندا میتی تورکی کاردەکەن و دەیانەوێت ئینقلاب بەسەر کورد وشعەدا بکەن.

٤- سەبارەت بەحوکمەتی ئێستای عێراق کە ئەوان دەڵێن ئێمە پشتگیری لێدەکەین ئەوا لەدیمانەکەیدا دەڵێت: ئەمە هەنگاوێکە بۆ هێنانەکایەی حکومەتێکی هەمەلایەن لە عێراقدا، دیسانەوە یەکگرتوو هەڵەی کردەوەو، ویستی جارێکی دیکە خۆی دەرباز بکات.

٥- یەکگرتوو زۆر بەڕاشکاوی لەناو خۆیاندا باسی مهمی وگرنگی ئەو کۆنگرەیە دەکەن ودەڵێن ئەم کۆنگرەیە سەرەتایە بۆ بەدەست هێنانی مەکسەبی مادی ومعنەوی، هەرکەسێك لەم کۆنگرەیەدا بەشداری بکات ئەوا لەئایندەدا مەکاسبی ئیداری و سیاسی لەحکومەتدا دەبێت. لەوە دەردەکەوێت یەکگرتوو هەردەم حەزی لە مەنسەب و دەسەڵات بوە نەك خزمەتی گەڵ وەڵات.

٦- باشە یەککگرتوو دەڵێت ئێمە بەیانمان داوەتە لیژنەی سەرپەرشتیار ڕەنگە ئەمەش لەگەڵ مقابەلەکەی ئەمینداری یەکگرتوو یەکنەگرێتەوە چونکە ئەو لە مقابلەکەیدا دەڵێت ئێمە لیژنەمان پێك هێناوە بۆ دەعوەت کردنی خەڵکی تر؟؟؟؟ کەواتە یەکگرتوو زانیویەتی کەوا تووشی کارەساتێکی ەوجۆرە دەبێتەوە بۆ یە ئەم پاشەکشەیان نووسیوە، بەڵام دەبێ ئاخۆ لە بەیانەیانا چیان لەسەر کوردو سەرکردایەتیەکەی نوسیبێ چۆن زەمیان کردبن، بۆیە من وای بەچاك دەزانم دەسەڵاتی سیاسی کوردستان داوا لەو حزبە بکەن ئەو بەیانامەیە بلاوەبکەنەوە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنا و ئەمیندار یشیان لێدوان و ڕوونکردنەوە بدەن لەسەر دەقی مقابلەکەی لەسایتی یەکگرتوودا.....

ئیتر سوپاس ئاسۆ ئەمین سلێمانی.

PDF created with pdfFactory trial version www.softwarelabs.com